# هەواڵەکانی کوردستان

## دوکاندارێکی مەهابادی لە ژێر شکە نجەی جەلادەکانی رژیمدا شەهید کرا

رۆژی ١٥ی بەفرانباری ١٣٨٧، کاسبکارێکی خەڵکی سارۆقامیشی بۆکان بە ناوی هاشم رەمەزانی، بە هۆی شکەنجەی رۆحی و لەشیی جەلادەکانی رژیمی ئاخوندی ئێرانەوە لە مەهاباد شەهید کرا.

هاشم رەمەزانی کە خێزانی هەیە لە چەند رۆژی ڕابردوودا بە تۆمەتی کاری قاچاغ لەلایەن ئیدارەی ئاگاهی رژیمەوە گیرا. ئیدارەی ئاگاهی رژیم لەو ماوەدا بێ ئەوەی بەڵگەیێکی لە سەر ناوبراو لە دەست دا بێ، خستیانە ژێر توندترین شکەنجە.

شایانی باسە، هەوڵی خانەوادەکەی بۆ وەرگرتنەوەی تەرمی ناوبراو بێ ئاکام بووە و بەرپرسانی رژیم لە دانەوەی تەرمی هاشم رەمەزانی بە خێزانەکەی خۆ دەبوێرن.

***

## کەسێکی مەهابادی لەلایەن ئیتلاعاتی مەهابادەوە بانگکرا

بەپێی هەواڵی هەواڵدەری چاودێرانی مافی مرۆڤ لە کوردستان، مەنسور بایەزیدی خەڵکی مەهاباد بۆ جاری دووهەم بانگکرا بۆ ئیدارەی ئیتلاعاتی رژیم لەو شارە.

ئێوارەی رۆژی شەممە ١٤ی بەفرانباری ١٣٨٧، هێزە ئەمنیەتیەکانی رژیمی ئێران چوونە سەر شوێنی کاری مەنسوور بایەزیدی و گرتیان و دوایی گرتنی ناوبراو دەستیان گرت بە سەر کۆمپیوتێر و لەگەڵ خۆیان بردیانە ئیدارەی ئەماکنی ئەو شارە.

ئەو هێزانە ١٢ سەعات ناوبراویان لای خۆیان هێشتۆتەوە و دوایی بەڵێنیان لێ وەرگرتووە کە بۆ رۆژی یەکشەممە ١٥ی بەفرانبار سەردانی ئیدارەی ئیتلاعاتی مەهاباد بکا.

شایانی باسە کە ماوەیێك پێش ئێستا بە بیانووی پروپاگەندە بۆ هێزە نەیارەکانی رژیمی ئێران بانگکرا بۆ دادگای رژیم لە شاری مەهاباد.

***

## بانگکردنی مامۆستاییێکی سنەیی بۆ دادگای ئیدارەی پەروەردە و بارهێنانی زەنجان

پەیمانی نەودینیان، مامۆستای سنەیی کە دراوە بە یەکێك لە دێ دووره دەستەکانی ئوستانی زەنجان بە ناوی "ولیس"، لەلایەن دادگای ئیدارەی پەروەردە و بارهێنانی ئوستانی زەنجانەوە بانگکراوە.

وەك باس دەکرێ ناوبراو بەشداری لە کۆبوونەوەی ناوەندی سنفی مامۆستایان لە تاران کە لە ٢٦ی خەرمانانی ڕابردوودا بەرێوەچوو، کرد کە بەدوای ئەو کۆبوونەوە نزیك بە ٤٠ کەس لە مامۆستایان گیران.

***

## ژمارەیێك لە زیندانیەکانی زیندانی ماکۆ مانیان لە خواردن گرتووە

بە پێی هەواڵی هەواڵدەری موکریان، ژمارەیێك لە زیندانیانی زیندانی ماکۆ، بە هۆی پێشیل کردنی مافی قانوونی و نەدانی مەرەخسی، شەشەمین رۆژی مانگرتن لە خواردنیان بردە سەر.

ناوی ئەو کەسانەی کە مانیان گرتووە بریتین لە: عومەری ئارمین، جیهانگیر ئەموویی میلان، ئیبراهیم ئەهوز، سەعید ئەهوز، ئەسعەد ئاهنامە، ئیبراهیم ئیقباڵی، حسەین ئامیق، رۆستەم ئەرکیا، نەبی تەقلیدی، حەمید تەیموروش، خالف حاجی، حەسەن چیلان، ئەردەشیر دلایی میلان، عەلی رەسوڵی، سەعید راسقی، ئیبراهیم فرمەند، سەعید عومەرپوور، عەبدوڵا عومەرپوور، حسەین مرۆیی میلان و عادڵ محەممەدنژاد.

وەك دەگوترێ هەل و مەرجی دو کەس لە مان گرتووان، بە ناوەکانی عەلی رەسوولی و جیهانگیر ئەموویی میلان، خرابە.

تاوانی ئەو کەسانە ئەندامی و هاوکاری لەگەڵ هێزە سیاسیەکانی نەیاری رژیمی ئێران راگەیێندراوە.

## تێکگیرانی نێوان هێزە سەرکوتگەرەکانی رژیمی ئێران و لاوانی سنە

هەواڵدەری موکریان، ئێوارەی رۆژی شەممە ٢١ی بەفرانباری ١٣٨٧، لە دوای کۆتایی پێشبڕکێی بەستیکباڵی نێوان دوو تیمی ئوستانی کوردستان و شاری کورد، رێپێوانی ژمارەیێك لە تەماشاچیەکانی پێشبڕکێکە لە دەرەوەی ساڵۆن بووە هۆی تێکگیران لەگەڵ هێزە سەرکوتگەرەکانی رژیم.

وەك دەگوترێ ئەو تەماشاچیانە لە دوای چوونە دەرەوە لە وەرزشگاکە، لە شەقامی ئوستانداری بەرەو مەیدانی بە ناو ئینقلاب رێپێوانیان کرد کە هێزە بە ناو ئینتزامیەکانی رژیم بۆ بڵاوە پێ کردنیان بەرەوروویان بوونەوە و بووە هۆی تێکگیرانی ئەو هێزانە لەگەڵ لاوان و لەو کردەوەشدا ژمارەیێك لە لاوان لەلایەن ئەو هێزانەوە گیراون.

***

## بڵاوکراوەی رۆژهەڵات دووبارە ڕاگیرا

دووحەوتوونامەی کوردی ـ فارسی رۆژهەڵات کە لە ١١ی خەزەڵوەری ١٣٨٧ لە ناوچە کوردنشینەکانی رێگەی پێ درابوو بۆ جارێکی دیکە بڵاو بکرێتەوە، حوکمی ڕاگرتنی لەلایەن دیوانی بەرزی رژیمەوە بە پێی مادەی ١١ی قانوونی چاپەمەنی رژیم بۆ جارێکی دیکە ڕاگیرا.

بڕیاری ڕاگرتنی بڵاوکردنەوەی رۆژهەڵات لەلایەن عەلیرەزا مەلەکیان بەرێوەبەری هەیئەتی چاودێری لە سەر چاپەمەنیەکان بە عەبدوڵا سۆهرابی خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەری رۆژهەڵات راگەیێندراوە.

مەلەکیان لە نامەی ڕاگیرانی رۆژهەڵات دا نووسیویەتی کە بە پێی ئەو بڕیارەی کە لە ١١ی بەفرانبارەوە لەلایەن هەیئەتی چاودێری لە سەر چاپەمەنی دەرچووە کۆتایی بە تەمەنی کورتی رۆژهەڵات هێندراوە. لەم دەورە نوێیەی رۆژهەڵاتدا تەنیا ٥ ژمارەی لێ بڵاو کراوەتەوە.

***

## حوکمی بیست ساڵ زیندان و تەبعید بۆ چالاکێکی سیاسی کورد

چالاکانی مافی مرۆڤ لە ئێران، هەڵسووڕاوێکی سیاسی کورد بە تۆمەتی دژمنی لەگەڵ خودا (محاربە) لەلایەن دادگای رژیمی ئاخوندیەوە بیست ساڵ زیندان و تەبعیدی بە سەردا سەپا.

جوبرەئیل خوسرەوی چالاکی سیاسی کورد کە خەڵکی سنەیە بە تۆمەتی ئەندامێتی لە یەکێك لە هێزە سیاسیەکانی کوردستان دا لە سەرەتای ئەو ساڵدا گیرا و لە ئاکامدا رۆژی یەکشەممە ٢٢ی بەفرانباری ١٣٨٧، لەلایەن لقی یەکی دادگای رژیمەوە لە سنە حوکمی ٢٠ ساڵ زیندان و تەبعیدی بۆ زیندانی بەندەر عەبباسی بە سەردا سەپا.

ئەو حوکمەی دادگای رژیم نارەزایەتی خوسرەوی لێ کەوتەوە لە ئاکامدا پەروەندەکەی درایەوە بە دادگای پێداچوونەوە و ئێستا ناوبراو لە زیندانی ناوەندی شاری سنەدایە.

***

## کوژرانی کەسێك لە پیرانشار

بە پێی ئەو هەواڵەی لە پیرانشارەوە گەیشتووە، سەعات ١٢ی پێش نیوەرۆی رۆژی سێ شەممە ٢٤ی بەفرانباری ١٣٨٧ لە خوار فەلەکەی کەشاوەرزی تەرمێك دۆزرایەوە کە سەری پێوە نەبووە.

ئەو تەرمە بە شێوەیێکی درندانە کراوەتە سێ بەش و فرێ دراوە و تا ئێستا ناسنامەی ئەو کوژراوە نەدۆزراوەتەوە و تاوانبارانی ئەو کردەوە نەدۆزراونەتەوە.

***

## رژیمی ئێران کۆتایی بە سەرکوت لە ناوچە کوردنشینەکان بێنێ

HUMAN RIGHTS WATCH

: نیۆیۆرك، ژانویە ٢٠٠٩: رێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ لە ڕاپۆرتێکدا کە رۆژی هەینی ٢٠ی بەفرانباری ١٣٨٧ بڵاوی کردەوە، داوای لە رژیمی ئێران کردوە کە ووشە و مانای نادیاری قانوونی ئاسایشی نەتەوەیی کە بۆ سەرکوتی نەیارە ئاشتی خوازەکان لە ناوچە کوردنشینەکان بە کاردەهێنرێ، یان چاکسازی تێدا بکا یا هەڵیوەشێنێتەوە و کۆتایی بێنێ بە گرتنی کوێرکوێرانەی نەیار و رەخنەگرە کوردەکان.

لە ڕاپۆرتێکی ٤٢ لاپەرەیی بە ناوی : "ئێران، ئازادی ڕادەربڕین و دامەزراوەکان لە ناوچە کوردنشینەکان"

بەرپرسانی رژیمی ئێران بە کەڵك وەرگرتن لە قانوونەکانی ئەمنیەتی نەتەوەیی، کوردەکان دەگرێ. ئەو کەسانە بە هۆی بەکار هێنانی مافی قانوونی ئازادی بیروڕا و دامەزراوەکان سەرکوت دەکرێن. کەڵك وەرگرتن لەو قانوونانە بۆ سەرکوت، شتێکی نوێ نیە، بەڵام لە سەرەتای دەست پێ کردنی سەرۆکایەتی پاسدار ئەحمەدی نژاد لە ئوتی ٢٠٠٥بەم لاوە، توندتر بووە.

جو ستۆرك جێگری سکرتێری بەشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئافریقای رێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ دەڵێ: بەرپرسانی رژیمی ئێران توانای قەبووڵ کردنی موخالفەکانی خۆیان نیە. ئەوان حەساسیەتیان هەیە سەبارەت بە موخالفەتی سیاسی لە ناوچە کوردنشینەکان و ئەو ناوچانەی کە بزوتنەوەی مافخوازانەی تێدایە.

لە ٧٠ ملوین خەڵکی ئێران زیاتر لە ١٠ ملوێن کوردن کە لە باکووری رۆژئاوای ئێران دا نیشتەجێن و بزوتنەوە سیاسیەکان چەندین ساڵە بۆ خودموختاری هەڵسووڕانیان هەیە.

ستۆرك دەڵێ: کەس ناتوانێ مافی دەوڵەتێك بۆ بەرنگاربوونەوە لە بەرانبەر تووندوتیژی لە بەرچاو نەگرێ، بەڵام سەبارەت بە کوردستانی ئێران توندوتیژی لە کاردا نیە، ئەوەی روودەدا سەرکوتی موخالفەتی مەشروع و ئاشتیخوازانەیە.

ئەو ڕاپۆرتە نوێ یە ڕاگرتنی بڵاوکراوەکان و رۆژنامە کوردی ـ فارسیەکان و کتێب و سزادانی نووسەران، رۆژنامەنووسەکان، نووسەرانی رەخنەگر لە سیاسەتەکانی رژیمی بڵاو کردۆتەوە. هەروەها بەرپرسان رێگەنادەن بە دامەزرانی ناوەندە مەدەنیە مەشروعەکان و تۆمەتی ناڕاست دەدەن بە هەڵسووڕاوانی ئەو ناوەندانە و هەڵسووڕاوانی قانوونی سەرکوت دەکرێن.

یەکێك لەو قوربانیانی ئەو سەرکوتانە، فەرزادی کەمانگەرە، ناوبراو بەرێوەبەری دەبیرستانێکی شاری کامیاران بووە و لەگەڵ رێکخراوی دیفاع لە مافی مرۆڤ لە کوردستان کاری کردوە. کەمانگەر لە جولای ٢٠٠٦وە لە زیندان دایە.

ئەو ڕاپۆرتە نامەیێکی فەرزادی کەمانگەری کە بە نهێنی لە زیندانەوە ناردوویەتی و باس لە شکەنجەکانی ناو زیندان دەکا، بڵاو کردۆتەوە.

## گرتنی ژمارەیێك لە دایکی ئەندامانی سازمانی موجاهیدینی خەڵقی ئێران

بە پێی ڕاپۆرتی چالاکانی مافی مرۆڤ و دیموکراسی لە ئێران، جێگری ئیدارەی ئیتلاعاتی رژیم ١٨ کەس لەو دایکانەی دەیان ویست بۆ بینینی کەسەکانیان برۆن بۆ عێراق لە فرۆکەخانەی مێهرئاباد گرتووە و گواستووینەوە بۆ زیندانی ئەوین.

ئەو ڕاپۆرتە باس لەوە دەکا گیراوەکان کە کەسەکانیان لە شاری ئەشرەف بنکەی سازمانی موجاهیدینی خەڵکی ئێرانن، بە دابین کردنی بلیت مەبەستیان بوو سەردانی عێراق بکەن و چاویان بە کەسەکانیان بکەوێ، بەڵام لە لایەن هێزە سەرکوتگەرەکانی رژیمەوە گیران و وەك دەگوترێ لە کاتی گواستنەوەیان بۆ بەندی ٢٠٩ی ئەوین لێ یان دراوە و بێ رێزیان پێ کراوە.

شایانی باسە هێزە سەرکوتگەرەکانی رژیم هێرشیان بردۆتە سەر ماڵی گیراوەکان و دەستیان کردوە بە گەرانی ماڵەکان و هاوکات هەڕەشەیان لە خانەوادەکانیان کردوە. هەروەها ئەندامانی هێندێ لەو خانەوادانەی کە پێشتر بۆ بینینی کوڕەکانیان سەردانی شاری ئەشرەفیان کردبوو، ئێستا لە زیندانەکانی رژیمی ئێراندا بە سەردەبەن.

## کۆچی دوایی ی، خاڵە موحەمەدی وڵیاوا کەسایەتیی دڵسۆزی کوردستان و سازمانی خەبات

بەداخەوە رۆژی پێنج شەممە ٥ی بەفرانبار خاڵە محمد رەسوڵی (وڵیاوایی) باوکی شەهیدان مەلا عەلی رەسوڵ و کاك صالح رەسوڵی و برای شەهید عوسمان رەسوڵی کۆچی دوایی کرد.

خاڵە محمدی وڵیاوا کەسایەتییێکی دڵسۆز و نیشتمان پەروەر بوو کە بەردەوام سەربەرزی بە سازمانی خەبات ی کوردستان و رێبەرایەتی سازمان ئاواتی بوو بە کۆچی دوایی خاڵە محمد سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران دۆست و یارێکی دڵسۆز و بە ئەمەکی لە دەست دا. بەو بۆنەوە سەرەخۆشی پێش کەش بە خانەوادەی خاڵە محمدی رەسوڵی لە کوردستانی ئێران و کوردستانی عێراق دەکا. هیوادارین خوای گەورە بە بەهەشتی بەرینی شاد بکا و سەبووری کەس و کاری بدا.

***

## کۆچی دوایی دڵسۆزێکی سازمانی خەبات لە ناوچەی بانە

بە داخەوە هەواڵمان پێ گەیشت شێخ قادری سەرقووڵ (مامە قالە)، سەر لە بەیانی رۆژی پێنج شەممە ٢٦ی بەفرانبار کۆچی دوایی کردوە.

مامە قالەی سەرقوڵ، دڵسۆز و تێکۆشەر و کورد پەروەر بوو، خزمەتی زۆری بە سازمانی خەبات و جووڵانەوەی ئازادیخوازی گەلی کورد کردوە و زۆربەی کەس و کاری ئەندامی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێرانن.

بە بۆنەی کۆچی دوایی ئەو پیاوە بەرێزەوە سەرەخۆشی پێش کەش بە خانەوادە و خزمان و دۆستانی ڕادەگەیێنین و هیوادارین خوای گەورە سەبووری دڵیان بدا.

***

## کۆچی دوایی ی دایکێکی دڵسۆز

هەواڵمان پێ گەیشت، دایکە فاتمە ئەمین پوور، دایکی برای بەرێز کاك عومەر کەریمی ئەندامی کۆمیتەی نروێژی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران لە ناوچەی بانە کۆچی دوایی کرد.

بە بۆنەی کۆچی دوایی دایکە فاتمە سەرەخۆشی بە خانەوادە و کەس وکاری پێش کەش دەکەین.

دایکە فاتمە لەو ئافرەتانەیە کە خزمەتی زۆری بە هێزی پێشمەرگەی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران کردوە.

## بروسکەی سەرەخۆشی کۆمیتەی نروێژی سازمانی خەبات بەبۆنەی کۆچی دوایی خاڵی محەممەد رەسووڵی

پڕ بە دڵ سەرەخۆشی پێشکەش بە خانەوادەی خاڵە محەممەد رەسووڵی، کەسایەتی نیشتمان پەروەر و دڵسۆزی رێبازی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران پێش کەش دەکەین.

خاڵە محەممەد رەسووڵی دڵسۆزی سازمان بوو، بە سەر و ماڵ لە خزمەت گەل و ئازادی کوردستاندا بوو. بێ گوومان کۆچی دوایی خاڵە محەممەد بۆ تێکڕای هاوباوەڕانی سازمانی خەبات ناخۆش بوو.

خودای گەورە سەبووری بە کەس و کاری بدا و رۆحی بە بەهەشتی بەرین شاد بکا.

کۆمیتەی نروێژی

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

٧ی بەفرانباری ١٣٨٧

***